لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی پاسەوانە سنوورییەکانی ئێران کۆڵبەرێکی کورد بریندار بوو

بەگوێرەی میدیا نێوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە ڕابردوو (8ـی تشرینی یەکەمی 2024)، لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی پاسەوانە سنوورییەکانی ڕژێمی ئێران لە کۆمەڵێک هاووڵاتی لەکاتی کاری کۆڵبەریدا لە ناوچه سنوورییەکانی بانه، هاووڵاتییەک بە ناوی شاخەوان مەشهووری خەڵکی گوندی کەندەسووری سەر بە بانه بریندار بوو.

ئاماژە بەوەشکراوە، کە ئەم کۆڵبەرە بەهۆی سەختی برینەکانی ناوچەی زگی، گواستراوەتەوە بۆ ناوەندە پزیشکییەکانی شاری سنە.